لەپێناو كۆتاییهێنان بە قەیرانی سیاسیی جیهان

# ئەوەی پێویستە چەپەكان لە ترەمپەوە فێری ببن




سلاڤۆی ژیژەك

لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

لەم دواییانەدا کۆمەڵێک ڕووداو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوویداوە: کاندیدبوونی (برت کوانو) بۆ بوونە ئەندام لە دادگای باڵا، ئەو نامە گوماناویانەی بۆ لیبراڵ دیموکراتەکان نێردارن، تەقە لە کڵێسای پیتسبورگ، توندبوونی لێدوانەکانی ترامپ و باسکردنی ڕاگەیاندنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک دوژمنی خەڵکی تا ئاماژەکانی بۆ ئەوەی ئەگەر کۆمارییەکان لە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکاندا بدۆڕێن بە ڕەسمی دان بە ئەنجامەکاندا بنێت، چونکە بردنەوەی دیموکراتەکان بە هۆی ساختەکارییەوە دەبێت.

لەو لایەنەوە کە هەموو ئەمانە لە بەرەی کۆماریخوازی فەزای سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕوویدا و لەو لایەنەوە کە ڕەنگی حزبی کۆماری سوورە، دەتوانرێت ببینرێت کە چۆن دروشمی دژە کۆمۆنیستی دێرینی ڕۆژانی شەڕی سارد (مردن باشترە لە سوور Better dead than red)، لە ئەمڕۆدا واتایەکی چاوەڕواننەکراوی بەدەستهێناوە. بەڵام لێرەدا پێویستە زیاتر ورد بینەوە: لەو تەقینەوە لاوەکییەی کە لەناو فەزای سیاسی ڕۆژگاری ئێمەدا ڕوویداوە، واقیعەکەی چییە؟

بە هەمان ئەو شێوەیەی (یوڤال نوح هەراری (Yuval Noah Harari لە (مرۆڤی هاوشێوەی خودا Homo Deus)دا باسی کردووە خەڵکی تەنیا کاتێک بازنەی بنەڕەتیی هاوبەشیان لەگەڵ زۆرینەی دەنگدەران هەبێت، هەست دەکەن، کە پابەندن بە هەڵبژاردنە دیموکراتییەکانەوە. ئەگەر ئەزمونی سەرجەم دەنگدەران بۆ من نامۆ بێت و ئەگەر من بڕوام وابێت، کە ئەوان درک بە هەستەکانم ناکەن و لە بیری مەیل و بەرژەوەندییە سیاسییەکانی مندا نین، ئەو کاتە ئەگەر لە دەنگداندا یەک بە سەد بدۆڕێم، هیچ هۆکارێک نابینم ئەو دەنگدانە پەسەند بکەم. هەڵبژاردنی دیموکراتی تەنیا لەو کۆمەڵگەیانەدا دەبێت، کە پێشتر بازنەیەکی هاوبەشی وەک باوەڕی مەزهەبی و ئەفسانەیی نەتەوەیی بوونی هەبێت. کۆمەڵێک شێواز بۆ چارەسەری ڕێکنەکەوتن لە نێوان ئەو خەڵکەدا کە پێشتر لەسەر کۆمەڵێک بنەما هاوڕا بوون، بوونی هەیە. کاتێک ئەو ڕێککەوتنە لەسەر بنەماکانی لاواز دەبێت، تاکە تێڕوانینی بەردەست (هەڵبەتە بێجگە لە شەڕ) گفتوگۆیە.

لەبەرئەوە ڕووبەڕووبوونەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەک تەنیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە چارەسەر ناکرێن، بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی شەڕ یان گفتوگۆوە چارەسەر دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکنەکەوتن لەسەر بنەماکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەر وڵاتێکی تر سەرچاوە گرتوو نییە لە فرەیی نەتەوەیی، یان مەزهەبی، بەڵکو لە ناخی جەستەی سیاسییەوە بڵێسە دەسێنێت: ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕووبەڕووی دوو جۆر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، پۆپۆلیستی نەتەوەپەرست، لیبراڵ دیموکراتی. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ڕەنگدانەوەی بێکاریی ئەو چینانەیە، بەڵام بە شێوازێک لە شێوازەکان شوێنگۆڕکێیان کردووە: پۆپۆلیستە ڕاستەکان خۆیان بە دەنگی چینی کرێکاری سەرکوتکراو دەناسێنن، لە کاتێکدا کە لیبراڵە چەپەکان دەنگی نوخبە نوێیەکانن.

لە کۆتاییدا هیچ ڕێگەچارەیەک بۆ چارەسەری ئەم ناکۆکیانە لە ڕێگەی گفتوگۆوە نییە: لایەنێک دەبێت بیباتەوە، یان دەبێت تەواوی سەرشانۆکە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. لەبەرئەوە جۆرێک کەلێن لەوەی کە فەیلەسوفەکان بە (جەوهەری ڕەوشتی)ی ژیانی ئێمە ناوی دەبەن، لە دروستبووندایە. ئەم کەلێنە بۆ دیموکراسیی ئاسایی normal democracy زۆر توند دەبێت و وردە وردە بەرەو شەڕی ساردی ناوخۆ دەڕوات. گەورەیی نەخۆشانەی ترامپ ئەوەیە کە ئەو بە شێوەیەکی کاریگەر کار دەکات (لە شکاندنی



**ژیانی گشتیی ئێمە لە ڕێگەی تۆڕێك لە داب و نەریت و یاسای نەنووسراوەوە ڕێکخراوە کە ئێمە فێر دەکات چۆن یاسا ڕاگەیانراوە (نووسراوەکان) بەکار بێنین**

ياسا نەنوسراو و نووسراوەکانەوە بۆ بڕیارەکانی ترسی نییە). ژیانی گشتیی ئێمە لە ڕێگەی تۆڕێک لە داب و نەریت و یاسای نەنووسراوەوە ڕێکخراوە کە ئێمە فێر دەکات چۆن یاسا ڕاگەیانراوە (نووسراوەکان) بەکار بێنین. ترامپ لە کاتێکدا کە کەم تا زۆر پابەندی ڕێکارە یاساییە ڕێگەپێدراوەکانە، ئاراستەی ئەوەی هەیە کە پەیمانە نەنووسراوە خامۆشەکان لەبەرچاونەگرێت، کە دیاریدەکەن چۆن دەبێت ئەم ڕێسایانە بەکاربێنین. شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو لەگەڵ کاڤانا دوا نموونەی ئەم بەرکەوتنەیە.

چەپەکان لە جیاتی سەرزەنشتکردنی ترامپ، دەبێت لێیەوە فێربن و هەمان کار ئەنجام بدەن. کاتێک هەلومەرجەکان ئەوە دەسەپێنن کە پێویستە بێشەرمانە کاری نامومکین ئەنجام بدرێن و ڕێسا نەنوسراوەکان بشکێنرێن. بە داخەوە چەپەکانی ئەمڕۆ لە پێشەوە لە هەموو ڕەفتارێکی ڕادیکاڵانە تۆقیوە، ئەو کاتانەی لە دەسەڵاتیشدایە هەموو کاتێک نیگەرانە: «ئەگەر ئەم کارە بکەین جیهان چی کاردانەوەیەکی دەبێت؟ ئایا کارەکەی ئێمە دەبێتە هۆی تۆقاندن؟» لە کۆتاییدا واتای ترسی چەپ ئەمەیە: «ئایا دوژمنەکانمان تورە دەبن و کاردانەوەیان دەبێت؟» ئێمە بۆ کار لە جیهانی سیاسیدا ناچارین بەسەر ئەو ترسەدا زاڵ بین، ڕیسکەکان قبوڵ بکەین و پێ بخەینە ناو جیهانی نەناسراوەوە.

سیاسەتمەدارانی وەک (ئەندرۆ کوۆمۆ Andrew Cuomo) لە دەستی ئەوەی ناتوانن هیچ بکەن خوازیاری گەڕانەوەن بۆ پاکی، بەڵام ئەمە بەس نییە، چونکە سەرنج لەو واقیعییەتە نادات، کە پۆپۆلیزم دڕندانە لە بۆشایی سەرچاوە گرتوو لە شکستی لیبراڵەکان لە گەشەدایە.

کەواتە دەبێت چی بکرێت؟ لێرەدا پێویستە وتەی (ساموێل بکت Samuel Beckett) بێنینەوە. ئەو لە (مالۆن دەمرێت Malone Dies)دا نوسیویەتی «پێموایە هەموو شتەکان بەسەر خۆیاندا دابەش دەبن. بە پێچەوانەوەی بانگەشەی ماوتسی تۆنگ، دابەشکردنی بنچینەیی، دابەشکردنی شتێک بۆ دوو شت نییە، بەڵکو دابەشکردنی شتێکی جیانەکراوە بۆ شتێک و ئەوەی لێی دەمێنێتەوەیە. تا ئەم تەقینەوە پۆپۆلیستییەی دوایی، (یەکێک) کە کۆمەڵگەی ئێمەی بۆ دابەشکرابوو، کۆدەنگیی لیبراڵی لەسەر داب و نەریتی نەنوسراوی جێگیر بوو، کە هاوبەش بوو لە نێوان هەمووان بۆ شەڕی دیموکراتی، (ئەوەی لێی دەمێنێتەوە)



*Donald Trump*

دەرکراوەکان واتا توندڕەوەکان لە هەردوو بەرە، ئەوان قبوڵ دەکران، بەڵام ڕێگە لە بەشداریی سیاسیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا دەگیرا. بە دەرکەوتنی پۆپۆلیزمی ڕاستی جێگرەوە، هەژموونی لیبراڵی لەناوچوو و لۆجیکێکی سیاسیی جیاواز (زۆر پەیوەندیدار بە ناوەڕۆکییەوە نییە، بەڵکو تەنیا پەیوەندیدارە بە شێوازەکەیەوە) لە پێگەی بەشێک لە بزاڤی حاکم خۆی نواند.

ئەم دۆخە ناتوانێت بۆ ماوەیەکی بێسنوور بەردەوام بێت، کۆدەنگییەکی نوێ پێویستە، ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەکانی ئێمە پێویستە خۆی بۆ (یەک)ێکی نوێ دابەش بکات و لە پێشترەوە ناتوانرێت دیاری بکرێت، کە ئەو یەکە چی دەبێت. ئەم دۆخە مەترسی واقیعی لەگەڵدایە، کێ دەتوانێت لێکەوتەکانی سەرکەوتنی (برسونارۆ) لە بەرازیل نەک تەنیا بۆ بەرازیل، بەڵکو بع هەموو ئێمە پێشبینی بکات؟ بەڵام لە جیاتی خۆدۆڕاندن، پێویستە ئازایەتی بەدەست بێت و وەک هەلێک سوود لەم ساتە مەترسیدارە وەربگیرێت. دووبارە وتەیەکی مائۆ دێنمەوە «بێ یاساییەکی گەورە لە جیهاندا باڵادەستە، دۆخەکە بێ هاوتایە.» یەکی نوێ واتا فەزایەکی هاوبەشی نوێ کە پێویستە چەپ بیرەخسێنێت، بە وردی هەمان دەستکەوتی سیاسی – ئابووری ئەوروپا: دەوڵەتی

خۆشگوزەرانی سۆسیال – دیموکرات.

بە بڕوای (پیتەر سلۆتردیک Peter Sloterdijk) واقیعییەتی ڕۆژگاری ئێمە (بە لایەنی کەمەوە لە ئەوروپا) «سۆسیال دیموکراتی ئۆبجێکتیڤ» لە بەرامبەر «سۆسیال دیموکراتی سوبێکتیڤ)ە»: پێویستە لە نێوان سۆسیال دیموکراتی لە پێگەی نمایشی جوانکاری حزبە سیاسییەکان و (سۆسیال دیموکراتی) وەک (فۆرمۆڵی سیستمێک) کە «بە ڕودی سیستمی سیاسی – ئابووری کاروبارەکان باس دەکات و لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرن لە پلەی حکومەتی باجەکان، دەوڵەتی ژێرخانەکان، دەوڵەتی دەسەڵاتداری یاسا، نەک کەمتر لە ئەوانی تری وەک دەوڵەتی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی چارەسەرکەر دەناسرێت، جیاوازی دابنرێت: «ئێمە لە هەموو شوێنێک ڕووبەڕووی سۆسیال دیموکراتییەکی پێکهاتەیی و دیاردەیی، دەوڵەتێکی ئاشکرا و دەوڵەتێکی نهێنین، دەوڵەتێک کە وەک حزبێک دەردەکەوێت و دەوڵەتێکی تر کە کەم تا زۆر بەشێوەیەکی بێ گەڕانەوە دەچێتە هەمان پێناسە، کارایی و تێڕوانینەکانی دەسەڵاتداری مۆدێرن بە واتای وشەوە.»

بەمشێوەیە ئایا ئێمە تەنیا لە گەڕانەوەداین بۆ ڕابوردوو؟ نەخێر، پارادۆکسەکە ئەوەیە کە لە دۆخی نوێی ئەمڕۆدا، پێداگری لەسەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی سۆسیال – دیموکراتی دێرین کارێکی بە نزیکەیی شۆڕشگێرییە. پرۆژەکانی (ساندەرز و کۆربین) بە بەراورد لەگەڵ پرۆژە سۆسیال دیموکراتییە میانەڕەوییەکانی نیو سەدەی ڕابوردوو کەمتر ڕادیکاڵن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بە ناوی ڕادیکاڵە سۆسیالیستەکان ڕەخنەیان لێدەگیرێت.

هەرچەندە ڕاستی پۆپۆلیست نەتەوەپەرستە، زۆر باشتر لە چەپەکان دەتوانێت خۆی وەک تۆڕێکی نێودەوڵەتی ڕێکبخات. لەم ڕووەوە پرۆژەی چەپگەرایانەی نوێ تەنیا لە بارێکدا دەتوانێت ڕۆحی بە بەردا بێتەوە کە خۆی لەگەڵ نێودەوڵەتیبوونی پۆپۆلیستییدا بگونجێنێت، و خۆی لە پلەی بزاڤێکی جیهانییدا ڕێکبخات. پەیمانی نوێی نێوان ساندەرز و کۆربین و ڤارۆفاکیس Varoufakis یەکەم هەنگاوە لەم ڕێگەیەدا. کاردانەوەی ڕێکخستنە لیبراڵییەکان توند دەبێت. شەڕی دەستپێکراو دژی (جولەکەگەرای)ی کۆربین تەنیا یەکێکە لە نیشانە سەرەتاییەکان کە چۆن سەرجەم بزاڤەکە دەبێتە قوربانی شەڕێک کە بۆ بەدەستهێنانی متمانە دەستپێکردووە. بەڵام چارەیەک نییە، پێویستە ریسکەکان بە گیان بکردرێن.

موحافیزکاری گەورە (تی ئێس ئیلوێت) لە (یادداشتەکان لە بارەی پێناسەی کولتوور)ەوە ئاماژە بەوە دەکات کە چەند ساتێک هەن، کە تێیاندا تەنیا دەتوانرێت لەنێوان (بیدعە) و بێباوەڕیی یەکێک هەڵبژێردرێت، ئەو ساتانەی کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاریی فلانە مەزهەب ئەوەیە کە کەلێنێکی باڵباڵێن لەناو هەیکەلە بنەڕەتییەکەدا دروستبکرێت. ئەمە هەمان ئەو کارەیە کە پێویستە ئەمڕۆ ئەنجام بدرێت: تەنیا ڕێگەی شکستدانی واقیعی ترامپ و وەرگرتنەوەی کۆمەڵێک پێکهێنەری لیبراڵ دیموکراتی کە بەهای ئەوەیان هەیە بپارێزرێن ئەوەیە کە لە ناو هەیکەلی سەرەکیی لیبراڵ دیموکراتیدا کەلێنی باڵباڵێن دروست بکەین.

**سەرچاوە:**

https://pecritique.com/201818/11/